ئاشکرانەکردنی داهاتی نانەوتی شکستی دیکەی دەسەڵاتە و دەرگا بە بەردەوامی گەندەڵی دەکاتەوە



حکومەتی کابینەی نۆی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان تا ئێستا وەڵامی نامەکەی بەغدای نەداوەتەوە سەبارەت بە گواستنەوەی مووچەو داهاتی نانەوتی بە حسابی بانکی ناوەندی عێراق و ئەمەش نیگەرانیی سەبارەت بە چارەنووسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دروستکردووە.

لەم چوارچێوەیەدا، فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەمڕۆ شەممە بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا بڕیاردەر بە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم دەربڕی لە نیگواستنەوەی داهاتی نانەوتی بە هەژماری بانکی ناوەندی عێراق کە "بێبەر باکی و فەرامۆشکردنی مافی هاوواڵتیانی هەرێم" وەسفی کرد و مافی هاوڵاتیانی هەرێمی لەبیرچاو نیگرت لە نەناردنی زانیاری پێویست بە بەغدا، ئەم هەوڵەی ئاشکرا نەکردنی داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان"شکستێکی ئاشکرای هەردوو حیزبی دەسەڵاتە و دەرگا بە بەردەوامی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی داهات دەکاتەوە".

لە بەیاننامەکەی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی عێراق هاتووە، "یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتە شکستخواردووەکەیان بەرپرسیارێتی تەواوی هەر قەیرانێکیان هەیە کە سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەران سەرهەڵبدات" هەروەها هەشداریشی دا لە کاریگەری ئەم کەمتەرخەمییەی حکومەتی هەرێم لەسەر بارودۆخی ژیان و هاوڵاتیان لە هەرێم کوردستان دا.

ئەو نوسراوە فەرمییەی خوارەوە، لەلایەن تەیف سامی، وەزیری دارایی عێراق بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی هەرێم و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا نێردراوە، کە تیایدا داوا دەکات داهاتە نانەوتیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی شوباتی بۆ هەژماری بانکی ناوەندی عێراق بنێردرێتەوە بۆ پێدانی بودجەی هەرێمی کوردستان.

